قوباد تاڵەبانی و کونسوڵی گشتیی نوێی فڕۆنسا لە هەرێمی کوردستان چەند پرسێکی جێی بایەخی هەردوولایان تاوتوێ کرد

قوباد تاڵەبانی جێگری سەرۆک وەزیران پێشوازی کرد لە یان برەم، کونسوڵی گشتیی نوێی فڕۆنسا لە هەرێمی کوردستان و پێکەوە چەند پرسێکی جێی بایەخی هەردوولایان تاوتوێ کرد.

بەگوێرەی راگەیەندراوێکی نوسینگەی جێگری سەرۆکی حکومەت لە کەبوونەوەکەدا کە رۆژی پێنج شەمە، ٣٠ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٣ لە هەولێر بەڕێوەچوو، قوباد تاڵەبانی پیرۆزبایی دەستبەکاربوونی لە کونسوڵی نوێی فڕۆنسا کرد و هیوای خواست لە ماوەی ئەرکەکەیدا، پێوەندییەکانی نێوان هەرێم و فڕۆنسا لە هەموو بوارەکاندا بەرەوپێشچوونی زیاتر بخەیەوە ببینێت و لەم چوارچێوەیەشدا ئامادەیی هەموو جۆرە هاوکاری و پشتیوانییەکی بە دەربڕی.

لە کەبوونەوەکەدا هەردوولا بە گرنگییەوە باسیان لە پێوەندیی مێژوویی هەردوو گەلی کورد و فڕۆنسا کرد. جێگری سەرۆک وەزیران پشتگیری و هاوکارییەکانی حکومەتی فڕۆنسای بە گەلی کورد لە چەندین وەستگەی گرنگی مێژوویيدا بەرز نرخاند. لە بەرامبەردا یان برەم بە ئاماژەدان بەو پێوەندییە مێژوویيە رایگەیاند، شانازی دەکات کە وەک کونسوڵی گشتیی نوێی فڕۆنسا لە کوردستان دەستبەکاربووە.

لە بەشێکی دیکەی کەبوونەوەکەدا باسی دەخی هەرەمی کوردستان، بە تایبەتیش لەووی ئازادی رادەربڕین و مافی مرۆڤەوە کرا. هاوڵابوون کە لە ماوەی داهاتوودا پێکەوە کاری هاوبەش بکەن بە باشترکردنی دەخی مافی مرۆڤ و ئازادی رادەربڕین لە هەرەم.

لە تەوەرێکی دیکەی کەبوونەوەکەدا باسی هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی پارێزگاکانی عێراق و هەڵبژاردنەکانی داهاتووی پەرلەمانی کوردستان کرا. هەردوولا هیوایان خواست هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی پارێزگاکانی عێراق لە کەشێکی ئارام و سەقامگیردا بەڕێوەبچێت، بە تایبەتیش ئاماژە بە دەخی کەرکوک کرا. لەمبارەیەوە جەگری سەرۆک وەزیران جەختی کردەوە کە لەماوەی ساڵانی رابردوودا لە کەرکوک جیاوازیی لەنێوان پێکهاتەکاندا کراوە و پێویستە لە دوای هەڵبژاردنەکاندا لە ئیدارەدانی شارەکەدا بگەڕێنرێتەوە بە پرەنسیپەکانی سەرۆک مام جەلال تا روحی پێکەوەژیانی ئاشتیانە لە کەرکوک قوەتر بکرێتەوە و هیچ پێکهاتەیەک هەست بە ستەم و پەراوێزخراوی نەکات.

سەبارەت بە هەڵبژاردنەکانی داهاتووی پەرلەمانی کوردستانیش قوباد تاڵەبانی رایگەیاند: هەموو هەوڵێک دەدەین هەڵبژاردن لە وادەی دیاریکراوی خۆیدا و بە شێوەیەکی پاک و بێگەرد و دادپەروەرانە بەڕێوەبچێت.